كچه شاعیری دورەولات ساردین



# شیعر هەمیشە لە تەنیایی رزگارم دەکا

دیداری :دەرباز

لەسایتەکانی ئەنترنێت رۆژنامەو بڵاوکراوەکان , رۆژدوای رۆژ دەنگی تازەی رۆشنبیران دەردەکەویّ لێرەو لە ویّ  هەوڵی جوان جوان هەیە بۆ هونەرو ئەدەب و هتد. هەرچەندە زۆر  لەو دەنگانە دەردەکەون بەڵام هەموو  ئەستێرەکان بە گەشاوەی نامێننەوە ,هەندێکیان بەردەوام بونیان هەیە ,رۆژ دوای رۆژیش بەرهەمی جوان و بە پێز بڵاو دەکەنەوە .یەکێك لەو شاعیرە هەست ناسکانەی  کە بەردەوام  بەرهەمەکانی لە سایت و رۆژنامەکان دەبینرێن خاتونی شاعیر  خاتوو (سارین ) کە خەلکی شاری کەرکوکە و ئێستا لە سوید دەژی لە دواین سەردانی بۆ کوردستان لە ئێوارە ژوانێکی  سەر گویژەی دلّرفێن  لە شاری سلێمانی گفت و گۆیەکی شاعیرانەمان لەگەلّ کرد.

– چۆن ئەروانیتە شیعر؟

+ ئەو کاتەی تەنیام هەموو ژیانم داگیر دەکات, دەبێتە هاورێیەکی بەردەوامم لە تەنیایی رزگارم دەکات

–ئەو ووشانەی لە هۆنراوەکانت دەریدەبڕی تاچەند پەیوەندی بە ژیانی تایبەتیەوە هەیە؟

+رۆربەیان رەنگدانەوەی ژیانی خۆمن , بەلاّم هەندیّ جار  رۆداوێك  روئەدات بەبیً ئەوەی هەستی پێبکەم ووشەکان خویان دەخزێنە سەر کاغەزی بەردەمم

– شیعری تایبەتیت نوسیوە بۆ کەسێك؟

+چەند شیعرێکم نوسیوە

–بۆ کیّ ؟

+ناتوانم

–چ کاتێك شیعر دەنووسی؟

زوربەری کات شەوان  کە تەنیام ,ئەو کاتەش دەچمە دونیایەکی تایبەت

– لە زۆر بەری شیعرەکانت  ووشەی هۆما بەکاردەهێنی بۆ؟

+ هۆما تەیرێکی ئەزەلیەیە من زۆر  بەلامەوە  جوانە  , ئەو تەیرە خۆشی بۆ مرۆڤ  دێنیّ لەبەرئەوە پەنام بردۆتە بەر ئەم تەیرە

– لەو شیعرانەی بلّاوت کردۆتەوە کامەیانت زور بەدلّە؟

+ یەکەم شیعرم بەناوەی (لە پەراوێزی ئەشقێکی ئەزەلیدا) کە لە رۆژنامەی کوردستانی بلّاو بووە زۆر جوان بوو بە لامەوە

–دوای دابرانێکی زۆر لە کوردستان و گەرانەوت بۆ سوید ئەو سەفەرە دەبێتە هەوێنی شیعرەکانت؟

+رەنگە ئەو سەفەرەم رەنگدانەوەی چەندین شیعرم بێت

– شیعرەکانت رەنگدانەوەی ژیانتن؟

+ بە دڵنیاییەوە هەموویان رەنگدانەوەی ژیانی تایبەتیمنن , ئەوان وێنەی ژیانمن

–نهێنی ناخت بە شیعر بۆ کەس دەربریوە ؟

+ بەڵێ ئەوەی ئەتوانم بە شیعر دەریبڕم هەرگیز ناتوانم ڕاستەوخۆ دەیبڕم

–ئاستی شاعیرە لاوەکان چۆن دەبینی؟

+کاری جوان دەبینم دڵنیام کاری جوان نامرێ و هەمیشە دەمێنن مێژوو سەلماندویەتی

_ غەریبی کەسی ئاسای کردۆتە شاعیر کاریگەری هەبوە لە سەرت؟

+من هەست بە غەریبی ناکەم لە دەرەوە, جار جار بەلام بە کەمی ئەو هەستم لا دروست دەبێ

– شیعرەکانت بەگشتی بۆکی نوسیون؟

+هەمویانم بۆ خۆشەویستی لاوان نوسیون,هیوادارم هەمیشە هەموومان بۆ خۆشەویستی بژین

– بەنیازی شیعرەکانت چاپ بکەیت؟

+بەڵێ بەنیازم ,برادەران لە کەرکوك بەلێنیان پێدام نامیلکەیکم بۆ چاپ بکەن لێرەوە زۆر سوپاسیان دەکەم